# وێنەدەروونناسی خۆمانی

بێهزاد خۆشحاڵی

# وێنەدەروونناسی خۆمانی

## بێهزاد خۆشحاڵی
## ٢٠٢٥

وێنەدەروونناسی خۆماڵی، دەرچەیەکە ڕوو لە خۆمان؛ وێنەکان تێگەیشتنێکی قووڵترمان پێدەبەخشن بۆ ئەوەی زیاتر دەربارەی پرسە دەروونییەکانی خۆمان بزانین و زیاتر گرینگی بە کێشەکانی خۆمان بدەین.
ئەم نامیلکەیە هەندێک لە کێشەکانمان بە بەکارهێنانی وێنە، شی دەکاتەوە.

١

لەم وێنەدا مەودای هەر شوێنێک، هیچ شوێنێک، هەموو شوێنێک، و شوێنێک دەبینرێت کە شوێنگەلی مەبەستی وەهمی و ناڕوون و خەیاڵی دیاری کردووە بۆ شۆفێران و خەڵکیی؛ وێکچوونێک لە چەشنی هێزی سیاسی و بژاردەگەلمان کە پیشاندەری هەم "دەستەوەستانی ئیرادی"، هەم "ناروونی مەبەستداری ئامانج"، هەم "قەیرانی ئاراستەکردن"، و هەم "پەردەپۆشکردنی بە ئەنقەستی ئامانجی حەقیقی"یە



ماسییەک لە نێو پلاستیکێک بە فۆڕمی ماسی لە نێو زەریا مەلە دەکات، بەو حاڵەتە ڕاهاتووە و ژیان تێدەپەڕێنێت. هێدی هێدی تووشی "وابەستەیی پێکهاتەیی" بووە و لەوانەیە تەنانەت بە بێ ئەو پلاستیکە، چێدیکە نەتوانێ مەلەوانیش بکات

هێزی سیاسی و بژاردەی کۆمەڵگای کوردستانی و بگرە خەڵکی ئاساییش، وەکوو ئەم ماسییە، هەم تووشیاری ئەم وابەستەییە پێکهاتەییە دەبن، هەم پلاستیکی دەسەڵات، لە خۆیان نامۆیان دەکات، هەم لەوانەیە بینینی حەقیقییان بە بێ پلاستیک، تووشی کێشە بێت و خۆبوونی سەربەخۆیان، بە هۆکاری بەدامەزراوەییبوونی دەسەڵات وەکوو دۆخێکی ئاسایی وێنا بکرێت



دیاردەی دواجار ئێمە هەموومان سەربەخۆییخوازین

وێنەی پێڵاوێکی پاژنە بەرز کە بە ڕواڵەت پێڵاوی وەرزشییە بەڵام نە گونجاوە بۆ ڕاکردن و نە بۆ ئاسوودەیی دیزاین کراوە

وەکوو هەندێک هێزی سیاسی کوردی یان کەسایەتی کە ئیدیعای سەربەخۆیی دەکەن، بەڵام کردەوەکانیان لە چوارچێوەی سیاسەتی فەرمی و دۆخی ئێستا و ئێرەی ئێرانی دەگونجێت. بە زمان سەربەخۆیی و بە ئەرک، بەهێزکردنی نەزمی ناوەندی یان مانەوە لە حاڵەتێکی نیمچە وابەستەیی و فێدراڵی و خودموختاری و دێمۆکراتیزەکردنی داگیرکەر؛ پارچەبوونی ناسنامەیی، خۆ دوور خستنەوە لە تێچووی سیاسی و دەروونی، بەرگری ڕواڵەتی، خۆگونجانی دەروونی و سیاسی لەگەڵ باڵادەست، خۆفریودانی دەروونی، فریودانی گەل، و نمایشتی سەربەخۆییخوازی



ئەم وێنەیە دەتوانێ هێمای نوخبە، هێزی سیاسی، یان سەرکردەیەک بێت کە سەرمایەی گەورە و توانستی باڵای خواستی نەتەوەیی، واتە سەربەخۆیی، ناسنامەی نەتەوەیی، یان ئازادیی نەتەوە، لە قاڵبی داخوازی بچووک یان داخوازی کەسیی و حیزبیدا بەفیڕۆ دەدەن و دەیانکەن بە چەند وردە خواستی بێکاریگەر؛ ڕۆڵگێڕانی ئۆپۆزسیۆنێکی نیوە دڵ و نیوبەند لە جیاتی پێشڕەوی پرسی نەتەوەیی، بێکاریگەرکردنی توانستی نەتەوەیی بەکۆمەڵ، قبووڵکردنی فیلتەڕی هزری، سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی حاکمییەتی باڵادەست، قبووڵکردنی چوارچێوەی داگیرکەر، کۆلۆنیالیزم و داگیرکراوی دەروونی، خۆسانسۆری، و پووکانەوی ئامانجە نەتەوەییە گەورەکانی کوردستانی



٥

دێمۆکڕاتیزە کردنی داگیرکەر بە پێچەوانەی قەبارەی ئاسایی، فرۆشتنی خەیاڵ بە جێگای واقیع، یاری لە جیاتی سیاسەت بە ناوی سیاسەت، بەتاڵکردنەوەی توانستی خود و گەل و تێچووکردنی وزە بۆ نەبوو و نابێت و ناکرێت



## ٦

ناکارامەیی سیستەمی ئاماژەیە بۆ دۆخێک کە سیستەمێک یان هێزی سیاسی لە گەیشتن بە ئامانجەکانیدا تێکچووە، لاوازە، یان لە ڕووی پێکهاتەییەوە شێواوە و و بەرهەمهێنانی بەربەستە ناوخۆییەکان دەبێتە بەربەست و بن بەست لەبەردەم پێشکەوتن



ئەم وێنە دیمەنێکی هەورەکانە کە لە ناوەڕاستییاندا لە زەردێنەی هێلکە دەچن
سەرکردە یان هێزێکی سیاسی کە لە جیاتی بینینی واقیعی خۆی و هێزەکەی، جیهان بە فانتزیا و بە هێلکە و ڕۆنی چەور بۆ بەرژەوەندییەکانی دەبینێ و وێنا گەورەکە بۆ ئەو دوو زەردێنەبوون و هێلکەی وشترمرخە لە وەهمی هەورەکان لە بەناو سیاسەتکردنەکەیدا



جارجار کە سەرنج ئەخەیتە سەر سەرکردە و بژاردە و هێزە سیاسییەکانی کورد، ئەو وێکچوونەت لا بەهێز دەبێتەوە کە حاڵی ئەوان، حاڵی ماسیگرێکە کە تەنیا حەزی لە قولاپ خستنە و دانیشتنی سبح تا ئێوارە لە کەناری ڕووبار و ماسینەگرتن، و تەنانەت ئەگەر ماسییەکیش قولاپەکەی گرت دواتر ماسییەکە فڕێئەداتەوە نێو ئاوەکە

ئەم نموونەیە، لە ئاستێکی مێتافۆریکدا، بە جوانی "گۆڕانکاری لە ئامانجی کۆتاییەوە بۆ ڕەوتی خوو و دووبارەبووەوە" دەخاتە ڕوو

لە شیکاری مەفهوومیدا، ماسیگر ئەکتەرە، ماسی ئامانجی کۆتایی یان دەرئەنجامی تایبەتە، و ماسیگرتن بریتییە لە پرۆسەی بیرکردنەوە یان هەڵسووکەوتی دووبارەبووەوە

ئەم نموونەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چۆن بکەر دەتوانێت بە شێوەیەک "سەرقاڵی پێکهاتە دامەزراوەکانی کردار" بێت کە خودی کردارەکە جێگەی ئامانجەکە دەگرێتەوە


سەرکردە، بژاردە، یان ئەو هێزە سیاسییانە کە دەمێکی درێژ، سەرقاڵی خەبات، شیکردنەوە، یان دەربڕینی ناڕەزایەتی بووگن، ڕەنگە ئەوەندە خوویان بە شیکردنەوە، ناڕەزایەتی و خەبات گرتبێت کە "بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکی" وەک سەربەخۆیی، دادپەروەری، یان ئازادی چیتر خەمی ئەوان نەبێت و کردار دەبێتە "دوبارەکردنەوەی بێکاریگەر

ئەم دۆخە ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە "بێهەستیاری" یان تەنانەت "پابەندبوون بە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بەبێ هیچ خواستێکی ڕاستەقینە بۆ گۆڕینی پێکهاتەکە"

Desensitization



تابلۆکانی ئێشێر بەو تایبەتمەندییانەی ناسراون کە دژوازی تێگەیشتن بۆ بینەر دروست دەکەن؛ لەم شێوازەدا لۆژیکی بینراو لە ڕووکەشدا پارێزراوە، بەڵام لە قووڵاییدا خەڵەلی تێدایە، بەستێنەکە وێڕای نادروست بوون، نەزمی ڕواڵەتی تێدایە و ئەگەرچی چوارچێوە و یاساکان جێبەجێ دەکات بەڵام بە شێوازێک ڕێکخراوە کە پێکهاتە گشتییەکە دەبێتە نامومکین، جیهانەکە داخراو و خولییەکە و شتەکان لە بازنەیەکی بێکۆتاییدا دەجوولێن، بە ڕواڵەت واقیعی دەنوێنێت بەڵام لە زاتی خۆیدا یان وەهمە یان ناڕاستە، و جۆرێک یاریکردن بە تێگەیشتن دەکات کە دەتوانێت هەموو شتێک لە شوێنی خۆی دابنێیت بەڵام ئەو هەموو شتە هەمووی درۆیین بێت؛ بە گشتی پێکهاتەیەکی باش ڕێکخراو کە خراپ کاردەکات و وێڕای ناوی گەورە، ئامانجێکی دیکەی هەیە. نموونەکەی هێزی سیاسی بە ڕواڵەت نەتەوەیی و ناسنامەخواز بەڵام لە ناوەرۆکدا مافیا و چەتە و بە پڕۆکسی دامەزراو بۆ مەبەستی دیکە



بەڕواڵەت زێڕین، بەڵام لە واقیعدا بێ بەها و ماوەبەسەرچوو، براندێکی بێ ناوەڕۆک، ژێستی گاڵتەجاڕانە، نەبوونی پلان و هزر و کردەوەی حەقیقی، بەدوای ڕەزامەندی وەرگرتن نەک گۆڕانکاری، زۆرتر بەدوای نمایشکردنی دەسەڵاتدا دەگەڕێت نەک چاکسازی یان ڕزگاری ڕاستەقینەی نەتەوە، ژیان لە وەهمی شانازی، نازناوی ساختە جێگرەوەی خەباتی ڕاستەقینە بە شانۆگەری سیاسی، هەموو شتێک ڕووکەش و بێکاریگەر لەسەر زمینی ڕاستەقینە؛ ڕووخسارێک کە نەک هەر مرۆڤەکان لە ڕێگا و ئامانجی ڕاستەقینە لار و خوار دەکات بەڵکوو گیرۆدەی نمایشێکە کە نێوەکەی بەتاڵ و بۆشە؛ شتێک وەک مێداڵی سەرە کۆنسێرڤ بە شریتێکی فریودەر و ڕەنگامە



ئەوەی وا چەند ڕۆژ پێش ئێستا بۆ ژمارەیەک کورد لە موونشن ڕووی دا، حکایەتی بەردەوامی ئێرانی بووە لە مێژوودا. ئەو بە پێچەوانەی تورک و عەرەب، زۆر پێویستی بە کوشتنی فیزیکی نەبووە، ئەو فێر بووە چۆن کەسایەتی دوژمنەکانی خۆی سەرەتا ناتراز و دواتر دێفۆڕمەی بکات، بیشکێنێت و سەرەنجام بیتوێنێتەوە لە خۆیدا

....کەم و زۆر لە زۆرینەماندا بووە و هەیە



بوونەوەرێکی ئازاد بۆ ناو قاڵبێکی نامۆ؛ نوخبە، نەتەوە، یان هێزێکی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی قبووڵکردن لە لایەن ئەویدی ، پێ دەخاتە پێڵاوی ئەو؛ لاساییکردنەوەی مۆدێلە سەپێنراوەکان، پشتگوێخستنی خودی حەقیقی بۆ ئەویدی، قەیرانی ناسنامە، لاسایی سەپێنراو، خۆبێباوەڕی شوناس، قوربانیکردنی خودبوون بۆ دەرکەوتن و گونجان لەگەڵ ئەویدی



گەمارۆدراو لە شوێنێکی سنووردار و داخراو، چ لە ڕووی جەستەیی، چ لە ڕووی زەینی و چ دەروونی؛
بەڕواڵەت ئازاد و خاوەن ڕۆڵ بەڵام لە ڕاستیدا، گیرۆدە بە دەستی خۆ لە مەیدانێکی بچووک، ناخودئاگا یان
خودئاگا، بە ئایدیۆلۆژیای وشک، بەرنامەگەلی کۆن، بیرکردنەوەی ماوە بەسەرچوو، تاکتیکی
دووبارەبووەوە، هەڵبژاردنی سنووردار لە بژاردەکان، سنوورە خۆسەپێنراوەکان، بەکارنەهێنانی
توانستەکان، وەهمی دیموکراتیزەکردنی داگیرکەر، گیر خواردن لە سووڕی بەتاڵ ، یاریکردن لەناو یاسا
پەسەندکراوەکانی هێزی باڵادەست، خۆ سنووردارکردنی ئاسۆی ستراتیژیک بۆ یارییە کۆنترۆڵکراوەکان،
"بێتوانایی لە بنیاتنانی گۆڕەپانی یاریکردنی خود و لە یەک چەمکدا "سنووردار کردنی خۆسەپێنراو
دەربازبوون: پێکهێنانی دەور و نەخش و ڕۆڵی خودی نەتەوەیی، ئامانجی نەتەوەیی و دروستکردنی مێزی
یاری نەتەوەی شەست و چوار خانەی خۆ

Self- imposed Constraint



١٤

ناچالاک، ناهۆشیار، نابەرپرسیار، کاریزمای نمایشکار، خۆشەیدایی شاراوە، خۆبەرزنواندنی ساختە، خراپ بەکارهێنانی هێما دەرەکییەکان بۆ جیاواز پیشاندانی خۆ




بەپێی داتا شیکارییەکان، لوتکەی نوێخوازی و نوێسازی و داهێنان و داهێنەری مرۆڤ لە بواری داهێنانی زانستی لە سییەکاندا، لە بواری داهێنانی مفهوومی لە چلەکاندا و لە بواری داهێنانی ئەزموونی لە پەنجاکاندایە
جیهانی نوێ، مرۆڤی نوێ، مێشکی نوێ، ڕوانینی نوێ، داهێنان، هەنگاوی نوێ
بڕوانە بۆ
https://news.osu.edu/creativity-is-not-just-for-the-young-study-finds/?utm_source=chatgpt.com

https://www.kellogg.northwestern.edu/faculty/jones-ben/htm/AgeAndGreatInvention.pdf?utm_source=chatgpt.com



ژمارەیەکی زۆر گلێنە و دۆخی ناجێگیر و ساختە وەک هێمای سەرلێشێواوی یان ئاڵۆزی تێگەیشتن و تێگەیاندن یان فرەوێناکرنی سەپێنراو؛ مرۆڤێک کە سەربەخۆیی مەعریفی نییە و ڕەنگینەی حەقیقی گیرۆدەی ئایدیولۆژیا و ڕوانگەی هێزی سیاسی یان بیرۆکەی داسەپاوی داگیرکەرە



نازانی کێیت؟ چیت؟ و چی دەکەیت؟ هیچ ئەجێندا و دیدگایەکت نییە، تەنیا بۆشاییەکانی خۆت پڕ دەکەیتەوە بە ئایدیا و ئایدۆلۆژیا و ئەبێ و نابێ و بیرۆکە و کردەوەگەلێک کە کەوتوونەتە سەر زەوی لە پێناو هەبوونی لیبێڵ و بەرچەسپ و ئێتیکەت. وەکوو ئەوانی دی دیت و دەڕۆیت و دەبێژی و ڕەفتار دەکەیت، چونکە خۆت خستۆتە ژێر لاساییکردنەوەی زۆرەملێ، لە ڕەنگدانەوە و کاردانەوەدا دەژیت، بەهاکانی ناوەوەت کردووە بە قوربانی پەیوەندییە دەرەکییەکان و پەیوەندیت لەگەڵ خودی حەقیقی خۆتدا لەدەستداوە؛ هەبوون بۆ ئەویتر و دەمامکی لاسایی؛ سیندرۆمی ئاوێنە




## ١٨

کتێبی "رێگای کەمتر ڕۆیشتوو"ی "مۆرگان سکۆت پێک" فێرمان دەکات کە ئازادی لە ناوەوە و لە ناخی مرۆڤەوە دەست پێدەکات؛ لەگەڵ قبووڵکردنی ئازارەکان (و نە هەمیشە ڕۆڵی قوربانیبوون گێڕان بۆ بەزەیی)، قبووڵکردنی بەرپرسایەتی، بڕوای تەواو بە ئامانج، و پابەندبوون بە گەشەکردن. ئەگەر بمانەوێت سەربەخۆیی ڕاستەقینە بەدەست بهێنین، سەرەتا دەبێت ئەو ڕێگایە ببڕین کە لە دەروونی خۆماندا کەمتر ڕۆیشتووین؛ ڕێگایەکی سەخت و دژوار بەڵام قووڵ

The Road Less Traveled, Morgan Scott Peck, 1978



یەخسیر لە ئایدۆلۆژیا یان یۆتۆپیا، نەبوونی ناسنامەی کەسی؛ مرۆڤێک کە ڕووخساری خۆی لەدەستداوە و لەگەڵ بیرۆکەکەیدا بووەتە یەک؛ تەنیا لە هەمان بیرۆکە، هەمان باوەڕ، و هەمان خۆراکی فیکری تێدەگات و قبووڵی دەکات؛ کاوێژی ئایدیۆلۆژیک وای لێکردووە کە توانای تێگەیشتن و قبووڵکردنی هیچ ڕوانگەیەکی دیکەی نەبێت؛ بەردەوام یەک دەستەواژە دووبارە دەکاتەوە بەبێ ئەوەی بزانێت جیهانێک لە دەرەوەی ئەو چەمکانە بوونی هەیە؛ بیرۆکەیەک کە ئیتر وەڵامدەرەوە نییە بەڵام لەگەڵیدا دەژی؛ نوقم بوو لە دونیای فیکری و ئایدیۆلۆژیی خۆیدا، چیتر هیچ نابینێت و هیچ نابیستێت و جگە لەو خۆراکە فیکرییە هەمیشەییە هیچی تر قووت نادات



٢٠

یاری سیاسی کورد لە گۆڕەپانی داگیرکەراندا




## ٢١

سیاسەتکردن بە ئامێری هەڵە؛ کارکردگەرایی پێچەوانە؛ هێزێکی سیاسی کە بۆ ئامانجێکی دیکە درووست کراوە بەڵام ئەرکێکی دیکە جێبەجێ دەکات؛ نەک تەنیا کارامە و کارتێکەر نابێت بەڵکوو بەرەو دژەکارکرد ڕێگە دەکات؛ دوو یا چەند ئامێر کە هەر یەکەو بۆ ئامانجێک ساز کراون بەڵام لۆژیک و ئامانجیان جیاوازە؛ وێڕای دژەکارکرد، دواجار دەتوانێ ببێت بە خۆفریوی سیستەمی



سەراتی (اولویت)یە هەڵەکان؛

سنەیی گوتەنی: هەڵپەڕ داپەڕ چەتانە، بۆی تورشیاگی کامتانە




گۆڕینی ئازاری دەروونی بۆ نیشانەی جەستەیی و ڕەفتاری و توندوتیژیی زمانی لە ئاستی دەستەجەمعی و مێژوویدا؛ زەبر و زەنگ و ئاڵۆزی بەکۆمەڵ؛

ناخودئاگای تاکەکان، ئەزموونی ئازار بە شێوەگەلی جۆراوجۆر دەگوازێتەوە، ئازارەکان لە هەڵسووکەوت، جەستە، باوەڕەکان یان هێماکاندا خۆی دەردەخات، کردەگەلی دووبارەبووەوە و ناعەقڵانی ڕوودەدات، یادەوەری مێژوویی سەرهەڵدەدات، یادەوەریی بەکۆمەڵ دەشێوێت، بێتوانایی لە بڕیاردانی یەکلاکەرەوە و ئیفلیجی ڕەوانی دەبینرێت، و لەسەر ئاستی سیاسیش ترس لە ئازادی، ناخودئاگا دەگۆڕدرێت بۆ وابەستەیی بە ئەویدی، ڕێگای بێ ئەنجام دەڕوات، و ئازار لە شێوەی ململانێی نێوخۆیی گوتاری، زمانی، جەستەیی و ڕۆژمەڕەیی و خۆخڵافاندن کاوێژی سیاسی بێ پایان دەردەکەوێت

وێنە

Ірина Старча



نووسینەوەی کاتژمێر بە بێ گرینگیدان بە حەقیقەت و واقیع؛ زەینی سازی کات، نوقمبوو لە لێکدانەوە و تەفسیری خۆمان و بەجێمان لە ڕەوتی ڕاستەقینە و خێرای زەمەن و ڕووداوەکان، خۆنەگونجاندن لەگەڵ جیهان و زەمەنی دەرەوەی خۆمان، تا منی خان نەڕازێم لەشکەر ناترازێت، لە گوێی گا خەوتن



کوردی- فارسی

میکانیزمە دەروونی و سیاسییە تایبەتەکان لە پرۆسەی کۆنترۆڵکردن، سووکایەتی پێچەوانەی نەرم، دەستەمۆکردنی فەرهەنگی؛ بێلایەنکردن و بێ ئیرادەکردن و پووچەڵکردنەوە بە سەرسامی بەخشین، ئێکزوتیزم وەک سووژەی فەرهەنگی سەرنجڕاکێش، ئۆبژەی سووراو سپیاوکراو و دیکۆراتی، بە ڕۆمانتیک کردن، تێکنیکی "شیکاری و پێناسە"، پەردەپۆشکردنی واقیعی مێژوویی-سیاسی داگیرکاری و سەرکوت و هەڵاواردن، خۆماڵیکردن لە ڕێگەی ستایشەوە، مەترسی داماڵین لە ناسنامەی بەرخۆدان، ئینکاری واقیع لە ڕێگەی فەرموو فەرموو، وایرۆسی عاشقتم، هەککردنی سۆزدارانە

Neutralizing Praise

Exoticism

I love you Virus

ت.ب: وایرۆسی عاشقتم، چەند ساڵ پێش لە ڕێگای ئیمەیل بڵاو بووەوە و هەر کەسێک لە خۆشیدا دەیکردەوە هەموو سیستەمەکەی هاک دەکرا

----

مکانیسم‌های روانی و سیاسی خاصی در فرایند کنترل، تحقیر نرم، رام‌سازی فرهنگی؛ تحسین خنثی‌کننده، اکزوتیسم به مثابه سوژه‌ی فرهنگی جالب، ابژه‌ی تزیینی، رمانتیک سازی، تکنیک "تجزیه و تعریف"، پوشاندن واقعیت تاریخی- سیاسی اشغالگری و سرکوب و تبعیض، رام سازی از طریق تمجید، بی خطر کردن هویت مقاومت گرایانه، نفی واقعیت از طریق تعارف، ویروس دوستت دارم، هک کردن عاطفی

پ.ن: ویروسی که سال ها پیش از طریق ایمیل ارسال می شد و سیستم هرکس که مشتاقانه آن را باز می کرد هک شد

https://www.facebook.com/share/v/17T9USLoNU/



بەور لە قەفەزی شووشەدا ناتوانێت لە سنووری نێوان واقیع و خەیاڵ تێبگات؛ لەوانەشە بزانێت
چیتر ناتوانێت ڕاو بکات، بەڵام غەریزەکانی هێشتا پاڵنەرن بۆ دووبارەکردنەوەی ڕەفتاری بێ ئەنجام
بە بەراورد لەگەڵ کوردێک کە دەیهەوێت داگیرکەر دیموکراتیزە بکات، دیوار شووش کۆت و
بەندێکی نەبینراوە، پێکهاتەی دەسەڵاتە، سنووری دەسەڵاتێکە کە ڕەنگە نەبینرێت یان نایهەوێت
بیبینێت بەڵام لە ڕاستیدا کار دەکات، وەک هەوڵدان بۆ گۆڕینی زاتی پێکهاتەیەکی ستەمکار و
سەرکوتکەر، بێ کەرەستە، بێ واقیع بینی، وەهمی سیاسی، دووبارەبوونەوەی هیوای هەڵەجێگا،
هۆشیاری درۆیینە، دووبارەبوونەوەی زەبر و زەنگی دەروونی، ئەکتەربوونی خەیاڵی، و
دواجاریش خەرجکردنی وزە بۆ دەستەمۆکردنی ڕاوچی یان دیمۆکراتیزەکردنی داگیرکەر
https://www.facebook.com/share/v/14TV1jhnVzg/



تیرەکە لە هەمان ئاراستەوە هاوێژراوە کە ئاماژەی پێدەکات؛ بەردەوامبوونی هەڵەیەکی مێژوویی و سیاسی و دەروونی؛ بە هەمان ئاراستە پێکراوە بەڵام هێشتا ئاماژە و ڕێنوێنی بەرەو هەمان ڕێگا دەکات؛ بەهۆی دزە، ترس، خوو، یان نەبوونی ئاگایی یان تەنانەت خۆخافڵاندن یان خود ناخودئاگای خۆبەدەستەوەدەر لەلایەن داگیرکەرەوە ئازارمان پێگەیشتووە و پێدەگات، لێدراوین، کوژراوین، قەڵاچۆ کراوین، ئاسمیلیە بووین، بە کۆیلە براوین بەڵام هێشتا بەدوای دانپێدانان، قبووڵکران، ڕزگاربوون، یان ڕیفۆڕم و پێکەوەژیان دەگەڕێین لە هەمان داگیرکەر؛ دەروونیسازی ستەم؛ قوربانییەک کە خودئاگا و ناخودئاگا درێژە بە ڕێگای ستەمکاری دەدات یان ڕێنومایی دەکات بۆ کەسانی دیکە؛ زەینییەتی وابەستە

وێنە

John Morris



هەڵە تێگەیشتنی چەمکی"؛ کەسێک یان لایەنێک کە لەبری ئەوەی بە درووستی لە چەمکەکان تێبگات، بە" هەڵە بە خۆبەدستەوەدان، پاسیڤبوون، یان قبووڵکردنی باڵادەستی لێکدانەوەی بۆ بکات؛ قبووڵکردنی هەمیشەیی دۆخی ئێستا و ئێرە بە هەر بیانوویەک و بە هەر بەهایەک؛ تێگەیشتنی ڕووکەش لە چەمک و هێماکان؛ بە هەڵەگرتنی نیشانەکان لەجیاتی واقێع؛

یان لە سیستەمێکی پاوانخواز، کاتێک هەموو هێماکان هەڵەن، مرۆڤەکان بە هەڵە یان لە ترسا، نیشانەکان بە واقیع دەزانن و دەیبینن و لاسایی دەکەنەوە تەنانەت ئەگەر زیانبەخش بێت یان نائاسایی بێت یان ئازادییان لێ زەوت بکات؛ دارمانی لۆژیک لە ڕێکخستن و سیاسەت و پەروەردەدا



بەدامەزراوەییبوونی ناکارامەیی و ناکارتێکەری؛ ڕووکەش تەوەری؛ سازان لەگەڵ گەندەڵی؛ فەرهەنگی بەرهەڵستکاری؛
یان لەبری ئەوەی سەرنجت لەسەر جەوهەری بابەتەکە بێت، بە لێوارە بێسوودەکانەوە بچەسپێیت و وزەی سەرەکی لە کردارە بێ ئەنجامەکاندا خەرج بکەیت



کورد، پرسی سەربەخۆیی و سیندرۆمی دەستی نامۆ؛ بۆچی پەنجەکان یەکتر دەشکێنن
سێندرۆمی دەستی نامۆ لە پزیشکیدا حاڵەتێکە کە مرۆڤ کۆنترۆڵی یەکێک لە دەستەکانی نەبێت، وەک ئەوەی دەستێکی نامۆ ڕەفتارێک ئەنجام بدات کە لەگەڵ ویستی خۆیدا ناگونجێت
لێرەدا خواستی سەربەخۆیی یان ئیرادەی نەتەوەیی، "ئیرادەی حەقیقی"یە، بە لام بە شێک لە عەقڵی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەی ئەم ئیرادەیە هەڵسوکەوت دەکات، وەک ئەوەی بەشێکی کۆمەڵگا بە دوای خواست یان ئارەزووێکدا بێت کە بە زیانی ئەو بێت، بەڵام لێی تێناگات یان ناتوانێ ڕێگری لێبکات
لەڕادەبەدەر پشتبەستن بە ئایدۆلۆژیا دەرەکییەکان بۆ گەیشتن بە ئاواتەکان، هێورمامەڵەکردن لەگەڵ داگیرکەر لە ژێر پەردەی عەقڵانییەتی سیاسی، بەرگریکردن لە نەزمی هەبوو و قبووڵکردنی بە بیانووی جۆراوجۆر، دووانەیی فیکری و هاوکات ئیدیعای سەربەخۆیی و هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەر، بەشێک لە نیشانەکانین و ئەنجامەکانی وەک ناهومێدی شاراوە، ئیفلیجی ئیرادەی کۆ، دووبارەکردنەوەی زیانبەخشی بڕیاردان لە کاتە هەستیارەکان، بێمتمانەیی بە هێزی ناوخۆیی و ناسنامەی بەکۆمەڵ و خۆخۆری لێدەکەوێتەوە
سێندرۆمی دەستی نامۆ هێمای بۆشایی نێوان "ئیرادەی حەقیقی" و "کردەوە یان کاردانەوەی واقیعی"یە
Alien Hand Syndrome



بۆ عەقڵی داخراو و ڕەق و نەگۆڕ، هاوکاری سیاسی بەردەوام یان هاوپەیمانی، نزیکە لە مەحاڵ؛
دەمارگرژی، بێتوانایی لە بیستنی ڕوانگەی ئەوانی تر، بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکاری، خۆ بە حەق زانین، ترس لە شکاندنی قاڵب؛

ئەنجام

داخرانی درگای دیالۆگ، نەبوونی پانتایی بۆ ئاڵوگۆڕی ئازادی بیروڕا، شکستی هاوکاری و هاوپەیمانی، هەر گرووپ یان تاکێک، تەنها گێڕانەوەی خۆی بە ڕەوا دەزانێت، سیاسەتی نکوولیکردن، ڕادیکالیزمی نەزۆک، بەرهەڵستکاری ئیفلیج



ئەو چارەسەرانەی سەردەمانێک کاریگەر بوون، بەڵام ئێستا بەهۆی گۆڕانی سروشتی کێشەکان و ئالنگاری ئاڵۆزتر و گۆڕانی ئەکتەرەکان و گۆڕینی ئامرازەکان و گۆڕینی گێڕانەوەکان و هاوکێشە ئاڵۆزترەکان، نەک ئیتر کاریگەر نین، نەک ئیتر کارامە و کارتێکەر نین، نەک هەر بە لۆژیکی کۆن ناتوانرێت چارەسەر بکرێتن، نەک ئیتر ناتوانرێت تێگەیشتنیان بۆ بکرێت، بەڵکوو تەنانەت ڕێگری لە کرانەوەش دەکەن دۆشداماوی شیکاری و لێکدانەوە و بێتوانایی لە تێگەیشتن و شیکردنەوەی ڕووداوەکان، دووبارەکردنەوەی شکستەکان و دووپاتکردنەوەی ڕێگای هەڵە بە هیوای ئەنجامێکی جیاواز، بەفیڕۆدانی دەرفەتە مێژووییەکان و لەدەستدانی ساتەوەختە زێڕینەکانی گۆڕان بەهۆی خۆ لکاندن بە عەقڵییەتە بەسەرچووەکان ی فیکری و کەوتنە پەراوێزی پێشهاتەکان، دەرئەنجامی پێداگریکردنە(Retrogression) و هەڵگەڕانەوە لەسەر بەکارهێنانی کلیلە ژەنگاوییەکان



پێگەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت لە نێو نەتەوە سەربەخۆکان و وڵاتانی خاوەن پێکهاتە و سەروەری فەرمی؛ کورسی پلاستیکی هێمای شتێکە کە بوونی هەیە، بەڵام نە بە ستانداردی فەرمی یان دەسەڵاتی یەکسان؛ دانپێدانراو و ناسراوە بە ناوگەلی جۆراوجۆر بەڵام پشتگوێ خراو بە توانایی نایەکسان یان فەرمییەتی نایەکسان یان مافی نایەکسان؛ مەودا و دووری پێکهاتەیی و سیاسی و یاسایی لە گەلانی سەربەخۆ؛ بوونی هەیە بەڵام لە پێکهاتەی دەسەڵاتی جیهانیدا نەچەسپاوە و ئاساییە و سروشتییە کە هیچ مافێکی نییە و هیچ مافێکی بۆ نابینرێت



یەکسانسازی، بێفکری بەکۆمەڵ و گوێڕایەڵی کوێرانە لە سیستەمگەلی داگیرکەر و پاوانخواز ؛ بەردی چوارگۆشە بە جێگای سەر ، هێمای مێشکی داخراو، بیرکردنەوەی قاڵبی و نەمانی داهێنان، ڕاوەستاو و گوێڕایەڵ بەرانبەر فەرمانفەرما

گوڵەبەڕۆژە، هێمای هۆشیاری و هیوا و ژیان و بیرکردنەوەی سەربەخۆ؛ وەرچەرخانی ئەبەدی بەرەو ڕووناکی و حەقیقەت و جوانی و ڕۆشنایی؛ بە جل و بەرگی ڕۆشن، بە پێچەوانەی ئەوانی تر کە جل و بەرگی ماتیان لەبەردایە و سیستەمەکەیان قبوڵ کردووە؛

و هێڵێکی درێژ لە مرۆڤە هاوشێوەکان؛ وەچەخستنەوەی میکانیکی مرۆڤەکان کە ناسنامە و ئیرادەی خۆیان لەدەستداوە



هێمای توندوتیژی زمانی کاتێک مرۆڤ ناتوانێت چەمکەکان دەربپڕێت، شکست دەهێنێت لە گەیاندنی ئەزموون و مانا و توانای دیالۆگ و گفتوگۆ لە دەست ئەدات؛ گۆڕینی دەم و دیان، کە ئامرازی زمان و قسەکردنن، بۆ ئامرازی هەڕەشەئامێز، ئامرازی شەڕاشۆیی، شەڕانگێزی زمانی، کردەی توندوتیژانە و سەرهەڵدانی توندوتیژی و جوێنفرۆشتن لەبری مانا، لە بەرانبەر شکستی ئارگومێنتی و قەیرانی مانا و داڕمانی تێگەیشتن



پەیژەیەک کە لەبری ئەوەی پشت بە دیوارەوە ببەستێت، چووەتە ناو چوارچێوەی ئاوێنە؛ پەیژەکە لە ناو قاپەکەدا بەردەوامە نەک لە جیهانی ڕاستەقینەدا؛ هەوڵدان بۆ سەرکەوتن بەسەر ڕێگایەکدا کە ڕاستەقینە نییە؛ چوونە ناو وێنە و خەیاڵ و فانتازیایەک لەجیاتی سەرکەوتن بەرەو ئامانجێکی حەقیقی؛ فریوی ڕواڵەت و وەهمی ڕێگای ڕزگاربوون؛ ژیان لە چوارچێوەیەکی وەهمی یان وێنەیەکی زەینی؛ خەونێک کە لە واقیعدا بنەمایەکی نییە؛ وەهمی ڕێگایەک بەبێ ئەوەی دەست لە جیهانی ڕاستەقینە بدات؛ لە چەشنی بۆ نموونە دیموکراتیزەکردنی داگیرکەر یان پێکەوەژیانی دیموکراسییانە لەگەڵ داگیرکەران یان دژایەتی سەرمایەداری جیهانی و ئینتەرناسیۆناڵ

Artist: Chema Madoz



بە ڕواڵەت ئازاد بەڵام یەخسیری قاڵبەکان؛ قاڵبی سیاسی، قاڵبی فەرهەنگی، قاڵبی کۆمەڵایەتی، قاڵبی دەروونی، قاڵبی زەینی، قاڵبی ئایینی، قاڵبی حیزبی، قاڵبی ڕەنگ، قاڵبی ئایدیۆلۆژیک، قاڵبی حیزب و دواجار، ئازادی و ڕزگاری بە دروشم و شێعر و ئیدعا دوورەدەست

Artist: Flôra Borsi



ئازاری جێگۆڕکێکراو لە پزیشکیدا بریتییە لە ئازارێک کە لە بەشێکی جەستەوە سەرچاوە دەگرێت بەڵام مرۆڤ لە شوێنێکی دیکە هەستی پێدەکات و لەوێدا بەدوای چارەسەرکردندا دەگەڕێت. ئەم دیاردەیە لە زانستە مرۆییەکانیشدا بە شەڕەنگێزی جێگۆڕکێکراو ناسراوە

فرەیەک لە ململانێ ناوخۆییەکان لە کۆمەڵگا چەوساوە و داگیرکراوەکاندا نموونەی ئازاری جێگۆڕکێکراو یان شەڕەنگێزی جێگۆڕکێکراون کە لەبری بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ستەم و داگیرکاری و هەڵاواردن وەکوو ئازاری سەرەکی، بەرەو کاردانەوە و توندوتیژی لەناو کۆمەڵگا، ناکۆکی سیاسی ناوخۆیی، ناکۆکی خێڵەکی، ململانێی ئایدیۆلۆژیک، قەڵش و هەڵتلیشانی کۆمەڵایەتی، پرتووکان و وەرینی هاودەنگی و کۆدەنگی، جەمسەرگیری دەستکرد و تەنانەت شەڕی براکووژی ڕێگە دەکەن

کێشەکە پێش هەموو شتێک ئەو پێڵاوانەیە کە بە ئامانجی جێگۆڕکێپێکردنی ئازارە سەرەکییەکە لە پێمانکردووە


referred Pain

displaced aggression


Artist: Helga Stentzel



دیموکراسی مقەبایی؛ ڕووبەری دیموکراسی پارێزراوە، هەڵبژاردن و ڕاگەیاندن و کۆمەڵگای مەدەنی و یاسا بوونی هەیە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی ناسکە و لەرزۆک، و هەر ڕەخنەیەکی جددی لە حکومەت، پێکهاتەی دەسەڵات یان سەرکردەکان بەرەوڕووی سەرکوت، سانسۆر یان نەهێشتن دەبێتەوە، ڕەخنە قبووڵ ناکرێت مەگەر لە چوارچێوەی ئەو قاڵبەی کە سیستەمەکە دایناوە، ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە یان قەدەغە دەکرێت یان لاواز دەکرێت، نوخبەکان ڕێزیان لێدەگیرێت و چاویان لێدەکرێت تا ئەو کاتەی سیستەم بە کەسانی "خودی" بزانێت و هەر کە ڕەخنەیان بەرزکردەوە هێرشیان دەکرێتە سەر و پەراوێز دەخرێن لەم جۆرە سیستەمانەدا ئازادی ڕادەربڕین و کۆمەڵگای مەدەنی و سەربەخۆیی دەسەڵات زۆرتر هێماییینە نەک واقیعی؛ ڕووبەرێک کە ڕێک و پێک دەردەکەوێت بەڵام ناوەوەی ڕزیوە یان سنووردارە و زیاتر مقەبایەکی ڕازاوەیە تا ڕاستەقینە، و دەتوانرێت لە هەر ئان و ساتێکدا لەیەکتر بترازێت و بدڕدرێت




ئەو میدیایانەی کە دەبنە سووتەمەنی مێشکی مرۆڤەکان نە بە ڕاستی، بەڵکوو بە ناوەڕۆکی لایەنگرانە و لە جیاتی ئاگادارکردنەوە، مێشکی خەڵک پڕ دەکەن بە درۆ، پڕوپاگەندەی سیاسی، دەمارگرژی تاقمچییانە یان بۆچوونی گرووپی تایبەت؛ قوربانیکردنی ڕاستی، گێڕانەوەسازی لە بەرژەوەندی و بۆ خزمەتکردنی ڕەوتێکی تایبەت، تێخنینی فیکری یەکلایەنە، گۆڕینی هۆشیاری بۆ بەکاربەری تاک لایەنە، ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردن و مۆنۆپۆلی زەین و ئاراستەکردن لەبری ڕۆشنگەری، کومیتەی پاساو، چەواشەکاری و شێواندنی واقیع و حەقیقەت، بێئەخلاقی سازماندراو و....



سنووردار‌بوونی ئەو ڕوانگەیەی کە دیاردەی گەورە لە چوارچێوەی بچووک و سادەدا دەبینێت؛ کاتێک میللەتی بێ حکومەت، لەبری ئەوەی بەدوای سەربەخۆییدا بگەڕێت، بەدوای ئامانجی بچووکدا دەگەڕێت؛ پەسەندکردنی ئامانجی بچووکتر و گشتاندنی بۆ هەڵمەتی نیشتمانی؛ تیۆری پەنجەرەی دەروونی سنووردار یان ئاسۆی سنووردار؛ خەرجکردنی وزەی دەروونی و سیاسی بۆ ئامانجە بەدەست هێنراوەکان؛ ئاسۆی چاوەڕوانییە نزمەکان



وابەستەبوون بە توخمێکی ناکارامە یان مردوو؛ سیستەمێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگی کە لەجیاتی ئەوەی پشت بە سەرچاوەی زیندوو، کارامە و کارتێکەر ببەستێت، پشت بە بیرۆکە، کەسانێک یان دامەزراوەگەلێک دەبەستێت کە چیتر دەسەڵاتی گۆڕانکاری و ئەرکی ڕاستەقینەیان نییە.؛ تەختی مردوو هێمایەکە کە چیتر ژیان و کاریگەریی نییە؛ ئەو کەسەی لەسەر تەختەکە وەستاوە ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی کە هۆگران و لایەنگرانی سیستەمەکە و ئەو توخمە ناکارامەیەن؛ ئەو کەسانەی تەختەکەیان بەرزکردووەتەوە هێمای کۆمەڵگا یان ئەو کەسانەن کە بەردەوامن لە بەرگەگرتن و تەنانەت پشتگیریکردن و پێداگریکردن لە ئەم پێکهاتە ناکارامە و ناکارتێکەرە؛ مۆمی دەستی مردووەکە ئاماژەیە بۆ هیوا یان وابەستەیی هێمایین بە ڕۆشناییەک کە چیدیکە بە کردەوە بێکاریگەرە؛ یاسایەکی کۆن، گوتارێکی ماوەبەسەرچوو، ئارمانێکی ڕابردوو، شەرعییەتێکی ساختە، یان وەهمی سەرکەوتن و سەقامگیری لە ڕێگەی نەریتە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانەوە




چەواشەکاری و ئادرەسی هەڵە بۆ نەتەوەی بێ دەوڵەت؛ بەرگێک بۆ پاراستنی پێکهاتەکانی داگیرکاری وەک بنەمایەکی بەشداریکردن و بەتۆڕکردن؛ شێواندنی ناسنامەی ڕاستەقینە؛ هێمای لێکدانەوەی هەڵە، چەواشەکاری، یان شێواندنی هۆشیارانە یان ناخودئاگایانەی واقیع؛ نەزانین، خۆگێلکردن، یان پشتگوێخستنی جیاوازییە بنەڕەتییەکان؛ بژاردەی لادان؛ چەواشەکاریگەلێک وەک فێدرالیزم، کۆنفێدرالیزمی دێمۆکراتیک، خۆسەری، ئۆتونۆمی، دیموکراتیزەکردنی داگیرکەر، ئینتەرناسیۆنالیزم و هەر شتێک کە سەربەخۆیی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت ڕەت بکاتەوە یان دوابخات و ببێتە هۆی ناسینەوە لەگەڵ داگیرکەر

ت.ب: نەخشەی ئافریقایە بەڵام بە ئاسیا نووسراوە



گرووپێک لە ژێر میکرۆسکۆپدا؛ گەورەکردنەوەی دیاردەیەکی بچووک یان بێ بایەخ؛
هەروەها ئاماژەکردن بەو گرووپانەی کە سەردەمانێک گەورە و گران و کاریگەر بوون بەڵام ئێستا ئەوەندە
لە ڕەچەڵەکی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە کە تەنها لە ئاستی لێکۆڵینەوە، یادەوەری، شیکاری، یان
پڕوپاگەندەی میدیادا دەمێننەوە، نەک چالاکیی ڕاستەقینە؛ گۆشەگیرکردن و گۆشەگیربوونی وردە وردەی
هەندێک گرووپ، وەرینی دەسەڵاتی ڕاستەقینە و بچووکبوونەوەی ئەم گرووپانە بۆ بابەتەکانی شیکاری،
پڕوپاگەندە، میدیا، مێژوویی و لێکۆڵینەوە؛
مرۆڤی تەنیا و خەمگین لە گۆشەی وێنەکەدا دەتوانێ ڕەخنەگرێکی دڵسۆز یان دوورکەوتوو یان
دوورخراوەی ئەو ڕەوتە بێت کە چیتر لە ناوەندی سەرنج نییە و بەشێک نییە لە جووڵەی کۆ، یان
بێمتمانەیی یان ناڕازیبوون بە شیکارییە زیادەڕەوییەکان بەڵام ناڕاستەقینە و ناپەیوەندیدار و نا بابەتییەکان



تایمینگی سیاسی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی کەسی، حیزبی، یان تاقمی؛ دابڕانی سیاسی و لەدەستدانی پشتیوانی جەماوەری، دابڕانی بزووتنەوە لە جەستەی کۆمەڵایەتی، قەیرانی شەرعییەت، بەفیڕۆدانی دەرفەتی مێژوویی بزافی نەتەوەیی، لەدەستدانی پەنجەرەی ستراتژیک، لاوازبوونی یەکگرتوویی ناوخۆیی، دووبەرەکی و قەڵشەهەڵگرتنی بزاوتی نەتەوەیی، دارمانی یەکگرتوویی و یەکگرتوویی نەتەوەیی، لەدەستدانی متمانەی نێودەوڵەتی، فریوخواردن بە هاوپەیمانییە ناسەقامگیرەکان، بەردەوامی باڵادەستی دوژمنان و داگیرکەران، شکستی شیکارییە واقیعییەکان

Timing



نەخۆشی "لو گریگ" نەخۆشییەکە کە خانە دەمارییەکانی مێشک و بڕبڕەی پشت لەناو دەبات و ماسوولکەکان وردە وردە دەکشێن و کەسەکە توانای جووڵە و قسەکردن و قووتدان و دواجار هەناسەدانی لەدەست دەدات. لەم نەخۆشییەدا بەزۆری عەقڵ و هۆشیاری تەندروست دەمێننەوە، بەڵام جەستە گوێڕایەڵی نابێت؛ عەقڵ بەئاگا بووە، بەڵام جەستە زیندانی کراوە

دۆخی هەندێک نەتەوە یان بزووتنەوەش بەم شێوەیە؛ ئەو گەلانەی کە هۆشیاری و ئارەزووی ڕزگارییان هەیە بەڵام پێکهاتەگەلێک وەکوو داگیرکاری، چەوساندنەوە، ترس، دووبەرەکی و هێزە سیاسییەکان ئیفلیجیان کردوون؛ ئەو بزووتنەوەیانەی کە عەقڵی سیاسییان هەیە بەڵام ئیرادەی بەکۆمەڵیان هیچ دەسەڵاتێکی جێبەجێکردنی نییە؛ ئەو سەرکردە یان هێزی سیاسی و کۆمەڵگایانەی کە بە هۆکاری ئیفلیجبوونی بڕیاردان، داشکاندن و ڕیدۆکسیۆن، بێتوانایی لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پراکتیکی و بێتوانایی لە گەیشتن بە یەکێتی نەتەوەیی، گیرۆدە بوون؛ تەڵەی چەقبەستوویی و دابەشبوون و هیوای درۆینە لەم مێتافۆرەدا جەستەی ئیفلیج، هەمان بێتوانایی پێکهاتەییە لە ڕێکخستن و کردار و گەڕان بەدوای سەربەخۆیی ڕاستەقینەدا، لە کاتێکدا عەقڵی بەئاگا نوێنەرایەتی ئەو هۆشیارییە مێژوویی و سیاسییە دەکات کە لەناو کۆمەڵگادا هەیە

Amyotrophic Lateral Sclerosis



چەواشە و شێواندنی واقیع لە سۆشیال میدیا؛ ڕەنگە واقیع تەواو جیاواز بێت لەوەی کە نمایشت و پێشکەش دەکرێت؛ واقیعی دەستکرد و ساختە؛ واقیعی هەڵبژێردراو و دەسچنکراو، وەهمی ڕاستی، شێواندنی مانا، گۆڕینی واتا، بنیاتنانەوەی واقیع و دروستکردنی تێڕوانینە هەڵەکان

بڕوا بە هەموو ئەو شتانە مەکە کە لە مێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەیبینیت



وڵات، دەسەڵات یان هێزێک کە سەردەمانێک پێشانگایەکی پڕ لە دەستکەوتی ڕاستەقینە، شارستانییەت، شکۆمەندی، یان دەسەڵاتی ئابووری و سەربازی هەبوو، بەڵام ئێستا هیچی نییە پێشکەشی بکات و تەنیا بە ناوەڕۆکێکی بێ نرخ و دووبارەبووەوە و نمایشکارانەوە ئەو پێشانگایەی پاراستووە

دۆڵابی چێو، پێکهاتەی بەرواڵەت تۆکمەی نەریت، مێژوو، یان دەسەڵاتە؛ دەفرەی یەکجار بەکارهات سیاسەتی ڕووکەش، دابەزینی کولتووری، لاوازی ئابووری، یان هێمای بێ بەهای دەسەڵاتی نمایشکارانەن، کە بە ڕێکوپێکی لە پشت شووشەوە ڕێکخراون لە هەوڵێکدا بۆ نواندنی شکۆمەندی، نەزم، یان شەرعییەت، لە کاتێکدا ناوەڕۆکەکە بەتاڵە و بینەری بێئاگا یان خۆش خەیاڵ، واتە ئەو کەسانەی کە ڕەنگە هێشتا کاریگەری ئەم ویترین و نمایشەیان لەسەر بێت

ئەو نەزمانەی کە چیدیکە شەرعییەت و ناوەڕۆکێکی ئەوتۆیان نییە بەڵام هەوڵدەدەن بە هێما و دووبارەبوونەوەی ماوەبەسەرچوو، دەرکەوتنەکان بپارێزن



کاتێک سەرکردەکانی نەتەوەیەک- جا لە نەزانی بێت یان بە ئەنقەست- بەرەنگاری ئازادی و گەشەسەندن و ڕێگای نوێ دەبنەوە؛ داخراوی و چەقبەستوویی پێکهاتەیی یان کپ کردنی پێکهاتەیی؛ دامەزراوەکانی دەسەڵات لەبری بزوێنەری گۆڕانکاری، دەبنە بەربەست لەبەردەم گۆڕانکاریدا و لەجیاتی بنیاتنانی داهاتوو، سووڕی دواکەوتوویی بەرهەمدەهێنرێتەوە؛ لەدەستدانی دەرفەتی مێژوویی بۆ گەشەکردنی نەوەکان و بۆ پێکهێنانی ناسنامە و بنیاتنانی دامەزراوەی کارامە و کارتێکەر؛ پێکهاتەی داخراوی بڕیاردان و پێکهاتەکانی ڕابردوو کە ڕێگای داهاتوو دەگرن؛ بێتوانایی لە بەرهەمهێنانی گێڕانەوەیەکی باڵای جێگرەوە و پابەندبوون بە دۆخی ئێستا و ئێرە؛ دامەزراوە و ئایدۆلۆژیا و سیستەم و زمان ئەوەندە چەسپاوە کە هەر جۆرە گۆڕانکارییەک پووچەڵ دەکەنەوە و ڕێگری لێدەکەن

وێنە

Joao Azevedo



هەموو ئەوانەی شۆفێرییان کردووە ئەم هۆشدارییەیان بۆ یەکجاریش بووبێت لە ژیاندا بینیوە
شتەکان لە نێو ئاوێنەدا نزیکترن لەوەی تۆ بیری لێدەکەیتەوە
ئاوێنەی لاشان، ڕوانگەی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە کە زۆر جار، ئاوڕ لە دواوە دەدەنەوە، بەڵام وێنەی ڕاستەقینە و مەودای ڕاستەقینە نابینن؛ هەروەک چۆن لە ئاوێنەی لاشاندا، شتەکان نزیکترن لەوەی کە دەردەکەون، مەترسی و دەرفەتەکانیش نزیکترن لەوەی ئێستا هەستیان پێدەکرێت
ئەو ئۆتۆمبێلەی کە نزیک دەبێتەوە، پێشهاتی گەورەی ناوچەییە وەک ئەگەری داڕمانی ڕژێم، شەڕ، داڕمانی ئێران، دابەشبوون یان دیزانکردنەوەی سنوورەکان
هۆشداری سەر ئاوێنەکە وەبیرهێنەرەوەی کەمتەرخەمی مێژوویی ئێمەیە. گومان دەکرێت کە هەڕەشەکان و دەرفەتەکان "دوور" بن، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر "نزیک"ن. لەوانەیە بەم زووانە بگات و سەرسامامان بکات.
دۆخی ئێمە چۆنە؟
ئێمە لەڕووی ستراتیژییەوە ئامادە نەبووگین، هێشتا نەگەیشتووینەتە کارلێک و لێکنزیکبوونەوەی پێویست، داخراوی گوتارمان هەیە، شیکارییەکی گشتگیرمان نییە، وابەستە و لە ژێر کاریگەری گێرانەوەی ئێرانیداین، لەبری ئەوەی شیکاری خۆماڵی و ستراتیژیک بەرهەم بهێنین، ئاماژە لە هزر و گوتار و پڕۆپاگاندا و میدیای ناوەندگەرا وەردەگرین، و بێ توانا و کەمتەرخەم و دەستەوەستانین لە ناسینی بەپەلەیی دۆخەکە



کاتێک ڕەوتێکی سیاسی یان سەرکردەکانی خۆیان وەک سپی، پاک، خێرخواز و فریادڕەس پیشان دەدەن بەڵام لە ناوەوە ئامانجی تاریکیان هەیە؛ ئەندازیاری وێنە؛ ئەو سیاسەتبازانەی کە ئاگایانە لە ڕێگای ئیدیعا و بەڵێنەکانەوە وێنەیەکی گەشاوە و سیمای خێرخواز لە خۆیان درووست دەکەن بۆ ئەوەی متمانە و هیوای گشتی بەدەست بهێنن، بەڵام سروشتی ڕاستەقینە و کردارەکانیان شتێکی دیکەیە؛ هەروەها، بەکارهێنانی دیاردەی هاڵەیی؛ کاتێک مرۆڤەکان مەیلیان هەیە تەواوی کەسایەتی و بەرنامەیەک وەک ئیدعای ئاشتی و دادپەروەری و کۆدەنگی هەست پێبکەن دەیگشتێنن و هەمووی بە ئەرێنی دەبینن؛ هەڵەیەکی مەعریفی کە دەبێتە هۆی قبووڵکردنی ڕووخساری سپی ساختە

Image- Making

Halo Effect

وێنە

Adam Ziemann



دەسەڵاتی درۆیینی داگیرکەر یان پاوانخواز؛ کورسییە زەبەلاحەکە هێمای پێگە و دەسەڵات و هێزە، بە ڕەهەندگەلی لە دەرەوەی پێوەرەی مرۆیی و سروشتییەوە؛
تاریکی و سێبەرەکان، کەشێکی ترس و سەرکوتکردن و نەمانی تاکایەتی دەگێڕنەوە؛ زاڵبوون و کۆنترۆڵکردنی دەروونی؛ قەبارەی ناڕاستەقینەی کورسییەکە ئاماژەیە بۆ "درۆیینەبوون"ی ئەم دەسەڵاتە؛ زێدەڕۆیی و سەپاندنی ساختە و نە ڕاستی و حەقیقەت؛ و شار هێمای ئەو خەڵک و کۆمەڵگایە کە لە ژێر هەژموون و سێبەری ئەم دەسەڵاتە درۆیینەدان
داگیرکردنی عەقڵ و خاوەندارییەتی زەین دەتوانێت بە شێوازی ترس، قبووڵکردنی بێ ئیرادە و نەخواستە یان تەنانەت پەرستنی هێز و دەسەڵاتدا دەربکەوێت
بەڵام کورسی ئاوێزان، ناسەقامگیریی دەسەڵاتە، هەرچەند پێدەچێت زەبەلاح و ترسناک بێتە بەر چاو، هیچ ڕەگ و بناغەیەکی نییە، تەنیا لە ڕووکەشدا پتەوە، لە ڕاستیدا لەسەر ترس و وەهمی دەروونی بنیات نراوە و ترسی دەروونی هەمیشە لەو شوێنانەدا کاردەکات کە خەڵک قبووڵیان بکات؛ هەروەها یەخسیری دەروونیش؛
کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی دەسەڵاتێک دەبێتەوە کە هەڵپەسێردراوە، هەمیشە هەست بە ترسی کەوتن و لەناوچوونی دەکات، حاڵەتێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا، لەبری ڕزگاری، زیاتر یارمەتی پاراستنی ئەو دەسەڵاتە درۆیینەیە بدات بۆ ئەوەی ئاژاوە درووست نەبێت، و فریودانی عەقڵەکان و زەینەکان




ئامرازە هەڵەکان بۆ کارێکی هەڵە لە کاتی هەڵەدا؛

وەک هێزە سیاسییەکانی خاکی داگیرکراو، ئەگەر بیانەوێت بە کەرەستەی سنووردار و ناکارامە و لە ناو خودی سیستەمی حاکمییەت، پێکهاتەیەکی قووڵی نادیموکراتیک و ناوەندگەرا و پاوانخواز چاکسازی و ڕیفۆرم بکەن؛ ئامرازگەلی ناکاریگەر و ناتەبا لەگەڵ پێکهاتەی دەسەڵات، زەین و پێکهاتە و سیستەمێک کە توانای قبووڵکردنی گۆڕانکاری بنەڕەتی نییە و ئەو پێکهاتە یاسایی و سیاسییەی کە بۆ پاراستنی قۆرخکاری دامەزراوە نەک بەشداریکردن، لە ئەنجامدا هەوڵی بێهوودە و بەفیڕۆدانی وزە و سووتاندنی شەرعییەتی مافی خۆ و لەکیسچوونی دەرفەتەکان بەدوای خۆیدا دێنێت. دیموکراتیزەکردنی پێکهاتەیەکی دژە دیموکراسی وەک چاککردنەوەی خۆراک وایە بە کەرەستەی پیشەسازی

وێنە

Lidka Lidia




Our Own
Image-Psychology
Behzad Khoshhali